# لە گەشت و سەیراندا با قژت خاو بێ

لـەورۆ بـە دواوە گەشـت و سـەیران خۆش دەبـێ، لەگەڵ هاتنی یەکەمیـن ڕۆژی نەورۆز ئیـدی خەڵك بەرەو دەشـت و دۆڵ و شـوێنی گەشـتیاری ڕێگە دەگرن، هـەر یەکە لەگەڵ کەسـانی نزیکی خۆی، یـان کۆمەڵێك خێزان بەیەکـەوە سـەیرانی خۆیان دەکـەن. هەموو کەس خۆی بە جوانترین شـێوە دەڕازێنێتەوە، خانمانیش چێشـتی زۆر خۆش و بە تام بۆ گەشـتی نەورۆز لێدەنێن بێجگە لەوەش خۆ ڕازاندنـەوەی کچان بۆ دەرچوون و سـەیران هەر تـەواو نابێ، گرنگترین لایەنی جوانی بۆ خانمان لە گەشـت و سەیراندا بەستن و دانانی تەسـریحەیەکی شازادانەیە، خانمان زیاتر جلی کوردی بۆ سـەیران و گەشت دەپۆشن، لەگەڵ جلی کوردیشدا پێویست دەبێت کە خانمان قژیان بە جوانترین شێوە دەربخەن. هەڵبەت خانمان لەو ڕۆژەدا وەك شازادەیەك دەردەکەون، ئەگەر خانمان بە جلی کـوردی و قژێکی کراوە خۆیان ئامادە کردبێ دەبنە شازە شۆخی سەر ئەم زەمینە. وابـاوە لەلای کچانی کوردەوە زیاتر قژیـان دەکەنەوە لە گەشت و سەیراندا، ئەگەر خانمان بیانەوێ چەشـنی شازادە جوان بن لە سـەیران و گەشتدا، لەو کاتە ئەو جوانییە بە دەسـت دەهێنن، ئەگەر کراسـێکی کوردی جوان و قژیشـیان خاو و کراوە بێت.




# تارای سپی بۆ سەری بووکێ



قژ بەستن لەلای خانمان گەلێك شێواز و جۆری هەیە، کە لە ژمارە نایەت، ئەمەش کچان لە سەروبەندی بووکێنیدا دوو دڵ دەکات. ئەوان کاتێك بیر لە هەڵبژاردنی تەسریحەیەکی جوان و سەرنج ڕاکێش دەکەنەوە یان جۆرە ئێکسسوارێك لەگەڵ قژیان دانێن، هەموو ئەوانە دەرفەتی جۆراوجۆر دەخەنە بەردەمی خانمان بۆ جوانکردنی قژی بووك، جاران کچان کە سەردانی ئارایشتگایان دەکرد، تەنیا داوایان دەکرد جوانیان بکەن، بەڵام ئێستا کچان پێشتر بڕیاریان داوە کە چ جۆرە ئێکسسوارێکیان دەوێ، وەك تەوقە و تارای سپی، دوو بووك کە یەکێکیان تارای سپی بەستبێ و ئەوەی دیکەیان نەیبەستێ، دەبینین جیاوازییەکی زۆریان لە نێواندا هەیە. کە دەکرێ بڵێین تارای سپی نیشانە و سیمبوڵی بووکایەتییە. لەم ڕووەوە چەندین جۆرە نموونەی جیاوازی بەستنی قژ بە ئێکسسواری جۆراوجۆر بۆ بووك هەن، پێویستە هەڵبژاردنی تارای سپی، لەگەڵ ستایلی جلوبەرگی خۆیدا شیاو بێت، جوانتریش دەبێ ئەگەر ڕەنگی تارای سپی لەگەڵ جلی بووك هاوڕەنگ بن، هەروەها لەگەڵ ڕەنگ و ڕووی سیمای بووکەکەدا گونجاو بێت. مۆدەی تازەی تارای سپی بۆ ساڵی (٢٠١٤) لەگەڵ هەموو جۆرە قژێك دەگونجێ، واتە ئەگەر قژەکە خاو یان لوول بێت، هەروەها یەکێك لە جوانترین سیفەتەکانی تارای سپی ئەوەیە، تا چەند درێژ بێ ئەوەندە جوانتر دەردەکەوێ.







# مۆدەی نینۆکی بەهاران

لە وەرزی بەهاردا، کوردستان بە سەوزایی و گیا دادەپۆشرێ، بە سەدەها گوڵی بۆن خۆش و ڕەنگاوڕەنگ دەگەشێنەوە، ئەو دیمەنە جوانەی گوڵ و گوڵزاری بەهار، هەر دەڵێی لارە زاری ڕوخساری یارانی ئەم کوردستانەیە. لە کوردەواریدا کچان بە گوڵ دەچوێنن. بۆیە دەبێ هەمان ڕەنگ و ڕووی گوڵ و گوڵزاریان هەبێ وبۆنی خۆشی عەتر و گوڵاویان لە جەستەیان بباریێ. تەنانەت جوانتریشن ئەگەر مۆدەی ستایل و جەستەیان گوزارشت لە شێوە و جوانی گوڵ بکات، ئەوەتا لە زۆربەی مۆدەی ئێستای ئێکسسواردا، نەخش و شێوەی گوڵیان دەخرێنە سەر، ئەگەر نینۆك بە نموونە وەربگرین، لایەنێکە لە جوانکاری جەستەی کچان، جاران ئەو نەخشانەی لە نینۆك دەدران، زیاتر نەخشی هێلکاری و ڕەنگاوڕەنگ بوون، بەڵام هاوشێوەی جوانی بەهار و لەگەڵ هاتنەوەی ئەو وەرزە چەندین مۆدەی جیاجیای نینۆك دەرچووە. پسپۆران دەڵێن لەو وەرزەدا زیاتر باوی شێوە گوڵە لە نەخشی نینۆك، چونکە هەمان مانای ئەو وەرزە دەدات، ئەو نەخشە گوڵە لە سەر هەر پەنجەیەکدا بە گوڵێکی ناسك دەرازێتەوە، یان خانمان دەتوانن نەخشی دار و گژوگیا لە نینۆکیان بدەن، ئەو چەند نەخشی گوڵ و داروبار، پەنجەت ناسك و ڕازاوەتر دەکەن، لە هەمان کاتیشدا گوزارشت لە جوانی ئەو وەرزە خۆشە دەکەن.

# نمایشی فڕۆکەوانی لە هەولێر



**رەوەند بەختیار**

رۆژی ١١ی ئـادار لە دەوروبەری ئاسمانی پارکی شانەدەر لە ناوەڕاستی شاری هەولێردا کە سـەنتەری بڕگە و چالاکییەکانی هەشـتەمین فیسـتیڤاڵی ئادار و نەورۆزی هەولێـرە، هەر لـە چوارچێوەی ئـەو فیسـتیڤاڵە و یادەکانی ئادار و نەورۆزدا نمایشـێکی سەنجڕاکێشـی فرۆکەوانی پێشـکەش کرا. (٣) فڕۆکە کە جگە لە فڕۆکەوانەکان، نمایشـێکی سەرنجڕاکێشیان پێشکەش کرد،

# تایلۆر لە لووتکەدایە!

ماوە ماوە گوێمان لەو پێشـبڕکێیەی نێـوان هونەرمەندان و گۆرانیبێژانی جیهانیدا دەبێ، هەڵبەت ئەو پێشبڕکێیانە لە بارەی باشترین و دەنگخۆشترینیان نییە، بەڵکو تایبەتە بە پڕ فرۆشـترین بەرهەمی ئـەو هونەرمەندانەیە. لە سەرەتای ئەم ساڵەوە، وادیارە کچە گۆرانیبێژی ئەمەریکی (تایلۆر سویفت)، لە لووتەکەدایە و یەکەمینە، گەیشـتنی ئەم خانمە گۆرانیبێژە بە لووتکە لە پای ئەو گەشـتە (٦) مانگەیەوە بوو کە بۆ چەندین وڵاتان کردی، ئەوەش وایکردووە جەماوەرێکی زۆر بۆ خۆی رابکێشێ، ئەوانیش بە پەرۆشەوە ببنە کڕیاری بەرهەمەکانی ئەو گۆرانیبێژە، داهاتی تایلۆر لە ماوەی شەش مانگدا گەیشـتە (٣٠) ملیۆن دۆلار، ئەو داهاتەش لە فرۆشـتنی ئەلبـوم و کۆکردنەوەی پارەی پلیتی ئاهەنگی ئەو گۆرانیبێژە بە دەست هاتوون.



# زەماوەندێکی بەریتانی لە هەولێر

بۆ گێڕانی زەماوەندی هاوســەری دنیا بە ڕووی هاوســەراندا کراوەیە، هەڵبژاردنی شوێنی زەماوەند بە ڕەزامەندی کچە و کوڕە دەبێت.جووتە دەســت گیرانێکی بەریتانی (لیزا و ئەلیکس)، بڕیار دەدەن بۆ ڕۆژی زەماوەند شانشــینی بەریتانیا جێبهێڵن و بێن لە هەرێمی کوردستاندا ئاهەنگ بگێڕن. ئەم جووتە هاوسەرە کە بەڕاستی هەم خۆیان جوان و قیت و قۆزن، هەمیش بە جلی کوردییەوە جوانتر و شیرینتر دێنە بەرچاو. لــە بنەڕەتدا بڕیاریان داوە ئاهەنگی زەماوەندی خۆیان چەند جارێك لە چەند شــوێنێکی جیاجیای جیهان دووبــارە بکەنەوە، لە هەر شــوێنێکی بچن جــل و بەرگی میللی ئەو وڵاتە دەپۆشــن، کە هاتنە هەولێر، هەولێریش ئەمساڵ پایتەختی گەشتیاری (٢٢) دەوڵەتە، بە جلی کوردییەوە زەماوەندی خۆیان لە کوردستان دووبارە کردەوە، بۆزەماوەندی ئەمجارەیان ڕوویان لە پایتەختی گەشتیاری کرد، خەڵکی هەولێریش ڕێزیــان لە (لیــزا و ئەلیکــس) گرت، بۆ سازدانی زماوەندیان ئاســانکاری زۆریان پێشــکەش کردن، وەك ئــەوەی کە چەندن جــار دەعوەتیان کــردوون و جلی کوردیان پێشــکەش کــردن، میواندارییەکی کوردانەیان کردن.



به دووکەڵێکی ســێ ڕەنگ ئاڵای کوردستانیان لە ئاسمانی هەولێردا کێشــا، ئەو گرووپەی نمایشــی فڕۆکەوانی کورد زۆربەیان خەڵکی وڵاتی ســویدن، هەروەهــا فڕۆکەوانێکیش کوردە ناوی (یوســف ســارمەم)یە، ئــەو فڕۆکانە لە کاتی نمایشــەکاندا چەند کچێکیان لە نێوانی هــەردوو باڵەکانیان هەڵگرتبوو، کە نمایشێکی بوێرانە و پڕ لە جورئەتیان پێشکەش بە میوانانی ئاهەنگەکە کرد. ئەمە یەکەمین جارە کە نمایشی فڕۆکە بەم ئاستە جوان و سەرنجراکێشە لە هەرێمی کوردستاندا پێشکەش دەکرێت، کە جۆرە شادی و خۆشییەکی بە بەشدارانی ئاهەنگەکە دەبەخشــی. لە ئێوارەی نــەورۆز هەمان نمایش و لەگەڵ هەڵگیرســاندنی ئاگری نەورۆزدا دووبارە پێشــکەش کرا.

## کــڵاشی کـــوردی



زۆربەی کەرەستە و کەلوپەلی کوردەواری، بە چەشنێکی توند و تۆڵەوە دروســت دەکرێن. تەنانەت هەندێکیــان جێگەی بایەخن و بە کارامەیی لەلایەن پیاوان و ئافرەتانی کوردەوە دروســت دەکرێ. ئەگەر کڵاش وەك نموونە وەربگرین، یەکێکە لەو کەرەستە بەسوودانەی سەردەمێکە لەلایەن پیاوان لەپێ دەکــرێ. زیاتریش لەگەڵ جلی کوردی لە پێ دەکرێ بە تایبەت لە بۆنە و ئاهەنگدا. کڵاش چەند سیفەت و تایبەتمەندی خۆی هەیــە، لەوانە : لە کاتی لە پێ کردن ئازاری پشــت نادات ئەگەر بۆ ماوەیەکی زۆریش لە پێ بکەی پشتت ناهێشێنێت، ئەو کەسەی کڵاش لەپێ بکات، بۆنی پێی نایێ بە پێچەوانەی پێڵاوی بیانی، سیفەتێکی دیکەی کڵاش گورج و گۆڵە، بە قســەی یەکێك لە وەستاکانی کڵاش دروســت کردن بە هاوینان نەرم و شلە، لە زستانیش توند و تۆڵە، بەڵام یەکێك لە ســەیرترین و جوانترین ســیفەتەکانی کڵاش ئەوەیە ڕاست و چەپی نییە، پیاوان دەتوانن بە هەردوولا لە پێی بکەن.


ئەوەی باس دەکرێ و دەگوترێ کە دروست کردنی کڵاش بۆ (٥٠٠) ســاڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە، هەندێکی دیکەش دەڵێن لە ســەردەمی ئایینی زەردەشــت و لــە ناوچەی هەورامانەوە پەیــدا بووە. کڵاش بۆ هەردوو ڕەگەزە، واتە ئافرەتانیش دەتوانن لە پێ بکەن، تەنانەت کڵاشی ئافرەتانیــش هەیە.وەك پێیان گوتین : دروســت کردنی هەر کڵاشــێك مــاوەی ڕۆژ و نیوێکی دەوێ، زۆربەی کڵاش لە ( پەموو، پێســتی مانگا، مووی بزن، خووری مەڕ ) دروست دەکرێ، ژێرەوەی کڵاش توند و تۆڵە، بەهۆی ئەوەی لە هەندێك پارچەی بەرخ و گا دروست دەکرێ، ئەوەی لە ئێســتا باوی هەیە و بەناوبانگە کڵاشی جۆری (هەورامی و پەڕۆیینە)، باشترین جۆرە کڵاشی کوردی، کڵاشی هەورامانە.

# وێنە و بیر کردنەوە



- ئەم خانووە سەراوژێرە، دەکەوێتە شاری پاتۆمی لە وڵاتی جۆرجیا. ئیـــدی هەوڵبدەن بزانن نهێنی بوونی ئەو خانووە بەم شێوەیە بۆ چی دەگەڕێتەوە! ئایـــا خانووەکە وایە؟ یـــان خانووەکە بەرز و نزمی هەیە؟

## نوکتە



جارێکیـــان دوو کەس بە فڕۆکە گەشـــت دەکەن، لەناکاو بەهۆی هەڵەیەکـــی تەکنیکی کاپتنی فڕۆکەکە دەڵێ فڕۆکەکە تێکدەشکێ بەهۆی هەڵەیەکەوە، دوو هاوڕێیەکەش یەکێکیان زۆر دەترســێ و دەڵێ چی بکەین فڕۆکەکە تێکدەشـــکێ، ئەوەی دیکـــەش دەڵێ : خـــۆماڵی خۆمان نییە یاخوا پارچە پارچە دەبوو !

## زاخـــاوی مێشک



بۆ زانینی ئاستی زیرەکیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شیکارە بدۆزیتەوە..

ئەم چوارگۆشانە بە پیت پڕ بکەرەوە کە لە کۆتایی ناوێکت بۆ دەردەچێت بتوانە لە ماوەی (٥) خولەکدا ناوەکە بدۆزیتەوە، بەسوود وەرگرتن لەم ئاسانکاریانەی خوارەوە:

**ئاسانکاری**

- پیتی خانەکانی (١+٤+٥) کۆ بکەیتەوە بە مانای (ناوێکی دیکە بۆ بارەگا)
- پیتی خانەکانی (٤+٥) کۆ بکەیتەوە بە مانای (پێچەوانەی کەم لە بیرکاری)
- پیتی خانەکانی (٣+٢+٤) کۆبکەیتەوە بە مانای (کەرەستەیەکە بۆ کوشتن و شەڕ بەکاردێ)
- پیتی خانەکانی (٤+٢+١)کۆ بکەیتەوە بە مانای (پێچەوانەی زۆر)

* وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی (**کاردی**) بوو

## مانای خەون

### باران

لە خەودا دوو لایەن لە خۆ دەگرێ، یەکێکیان لایەنی باشە و ئەوەی دیکەش خراپەیە، ئەگەر کەسێك لە خەودا نەرمە بارانێکی پێدەکەوێ، ئەوە ئەو کەسە دەبێتە کەسێکی باش بۆ دەوروبەری، هەروەها داهاتی سامان و پارەی دەستدەکەوێ، بە پێچەوانەش ئەگەر بارانەکە بە کوڵ و بەهێز بێ، مانای مەغروور بوون و دەرچوونە لە ڕێچکەی ڕاستی ژیان.



**کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩**

ئـــاگـــاداربـــە کەسێکی سەرلێشێواو ئیرەییت پێ دەبات بەهۆی سەرکەوتنت لەبواری سۆزدارییەوە، هەروەها دەیەوێ نێوانتان تێك بدات.



**گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠**

گرفتێك کە بەدەستیەوە دەناڵێنی هـۆش و بیری لێسەندووی، هاوسەنگیی خـۆت بپارێزەو زوو هەڵمەچوو، چارەسەرێکی گونجاوی بۆ بدۆزەرەوە.



**دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠**

ئـەوەنـدە لـە ئامۆژگاری ئـازیـزەکـەت هـەراسـان مەبە، چونکە تـۆ بـاری دەروونیت شێواوە پێویستیت بە پشوودان و گەشت و گوزار هەیە.



**قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢**

سروشتی ژیـان وایـە، هەموو جارێك سـەرکـەوتـن بەدەست نایـەت، دڵ لە دڵ مـەدە بەم زووانـە بەخت یـاوەرت دەبێت و سەرکەوتن بە دەست دەهێنیت.



**شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢**

لەخۆبایی مەبە بەوەی کەبوویتە جێی سەرنجی کەسانی دەوروبەرت بەهۆی سەرکەوتنەکانت، بەخت هێشتا لەگەڵتایەو سەرکەوتنی زیاتر نزیکە.



**گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢**

پەیوەندییـــە ئەڤینداریـیەکـــەت پێویستی بەسۆزو لێکگەیشتنی زیاتـــر هەیە، بۆئـــەوەی زیاتر دڵشـــاد بیـــت دیارییەکی بۆ بەریت زۆر باشە.



## ناڕێکترین ڕێگا !

هەردەم زانیومانە، کە شەقام و جادە دەبێ بە جوانی دروست بکرێن، کە ڕاست و ڕەوان بێ، تا شوفێران بتوانن بەبێ کێشە ئوتۆمبێلیان لە سەر ئەو شەقامە ڕێك و ڕاستانە لێبخوڕن. کەچی ئەمە بە یەکێك لە ناڕێکترین جادە دادەنرێ، ئەو جادە خوار و خێچە ناوی (ڕێگەی دوورگەی کەنگارۆ)، کە دەکەوێتە پارکی چاسی لە وڵاتی ئوستراڵیا، بۆ ئەوەی دار و باری دەوروبەری ڕێگەکە نەبڕنەوە و وەکو خۆی بهێڵنەوە ئەو ڕێگەیە وا دروست کراوە.



## زێڕ و مردوو !

لە سەردەمی فیرعەونی لە وڵاتی میسردا، کاتێك یەکێك بمردایە، کۆمەڵێك خشڵ و زێڕیان لەگەڵ مردووەکە دادەنا، ئەوەش بۆ دوو مەبەست. یەکەمیان پێیان وابوو ئەگەر ئەو کەسە زیندوو بێتەوە، ئەو زێڕ و خاشاکە بەکاربهێنێت، دووەمیش بۆ ئەوەی ئەگەر ژیانی دووەم هەبێ، واتە ئەگەر زیندوو بوونەوە هەبێ، با ئەو کەسە لە ژیانی دووەمدا دەوڵەمەند بێت.

## وتە

هیچ کات ناتوانم وەسفی دایکم بکەم، چونکە هیچ مرۆڤێك ناتوانێت وەسفی بەشێك لە بەهەشت بکات.

هاوڕێی خراپ وەك سێبەر وایە، تەنیا لەو کاتە لەگەڵتە کە لە ڕووناکی، بەڵام کە گەیشتیە تاریکی ئەویش نامێنێت !



## وتەی ناوداران

**- گابریەل گارسیا مارکێز بۆ ڕەوشت و ئەدەب دەڵێ :**

ئەو کات ڕەوشت و ئەدەب لە تۆدا دەبێت، کە هیچ کات حەقت بەسەر ژیان و کەسایەتیی خەڵکییەوە نەبێت.




**تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢**

پاڵەپەستۆیەکی توندت لەسەرە لەبواری سۆزدارییەوە، خۆڕاگربە، چونکە ئەڤینداری لەمەش زیاتر ئەهێنێ، ڕۆژانێکی پڕشنگدارت لەپێشە.



**دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١**

لەناو خەیاڵاتە زیندووەکانی خۆتدا دەژیت، جارێ بیرێك لەمێشکت جێگیر نەبووە بیرێکی تر بەمێشکت دادێت، هەندێك واقعی بە.



**کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١**

خۆشەویستەکەت چاوەڕێی زیاترت لێ دەکات، تۆش زیاتر سنوور مەبەزێنە ئەگینا پەیوەندییەکەت بەرەو هەڵدێر دەچێت.



**گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩**

هەوڵ بدە سەر لە کەسانی خۆشەویست و دڵسۆزی خۆت بدەت و لەم گۆشەگیرییە خۆت ڕزگار بکەیت، ئەگینا باری دەروونیت خراپتر دەبێت.



**گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨**

ئاوات و خۆزگەت زۆرە، بەدڵنیاییەوە ئێستا کاتێکی گونجاوە بۆ جێبەجێ کردنی پڕۆژەکەت، باری داراییت بەرەو باشتر دەچێت.



**نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠**

هەواڵێکی دڵخۆشکەر دەبیستی کە کاریگەرییەکی چاکی دەبێت لەسەر ژیانت، لەبواری سۆزدارییەوە، بەرەو پێش دەچیت و بەخت یاوەرت دەبێت.